

# چۆن جوانی و تەڕیی لێوانت دەپارێزیت

سەرما و سۆڵە و ڕەشەبای ئەو وەرزە، کاریگەری تەواوی لەسەر جەستە و جوانی خانماندا هەیە، بەهۆی ئەوەی کاتێك دەچیتە دەرەوە، بۆیەیەك، یان سووراوێك لە لێوت دەدەیت، ئەو ماددەیەی سەر لێوت لەگەڵ ساردیدا بەر یەکتر بکەون و ئیدی لێوانت لەوانەیەبقلیشێنێت، یان کەرت کەرتی بکات، بۆیە وا چاکە ئەو کەرەستانە بەکاربهێنێت کە بۆ وەرزەکانی ساڵدا تەرخان کراوە، بۆ نموونە گونجاو نییە ئەگەر سووراوێکی هاوینە لە وەرزی زستانەدا بەکاربهێنێت، وشك بوونی پێستی لێو جگە لەوەی دیمەنی لێوانت نەشیاو دەکات، هەروەها ڕەنگە تووشی چەندین نەخۆشی پێستی بکاتەوە، لەم ڕێگایانەوە خۆت لە شێواندانی جوانی لێو بپارێزە :

- زۆربەی خانمان بە ئاوی دەمیان لێویان تەڕ دەکەن، لەو کاتەی هەست بە وشکی لێویان دەکەن، کە ئەوەش گەورەترین هەڵەیە، چونکە ئاوی دەم لە چەندین پێکهاتەی جۆراوجۆر پێکدێ، کاتێك بە لێوانت دەبێ و ڕووبەڕووی سەرما دەبێتەوە، خراپتر دەبێت، واچاکە لە کاتی دەرچوون بە ملپێچ یان بە کلینکسێك دەم و لێوت داپۆشیت.

- ڕۆن و بەلسەمی لێو: دەتوانی ئەو کەرەستانە بەکاربهێنێت کە لە هەر وەرزێکدا بۆ لێو دانراون، وەك ڕۆنی لێو بۆ چەورکردنی لێوانت بەکاردێ، هەروەها بەلسەم و تەڕکەری لێو هەن، وا چاکە لەم وەرزە ساردەدا (٣) کاتژمێر جارێك ئەو کەرەستانە بەکاربهێنیت.

- ئاو: خواردنەوەی ئاوی پێویست کار دەکاتە سەر وشك نەبوونی پێست، بە تایبەت ئەگەر جەستەت ئاوی پێویستی هەبێ، لێوانت هەردەم تەڕ دەبن و لە وشبوونیش بە دوور دەبن، بۆیە هەوڵبدە ڕۆژانە (٨) کووپ ئاو بخۆیتەوە، یان دەتوانی لە ڕێگەی خواردنەوەی شیر و شەربەت ومیوە و سەوزە ئاوی پێویست بۆ جەستەت دابین بکەیت.

- خەیار: چارەسەری سرووشتییە بۆ لێو، چاکترین ڕێگەیە تا لێوانت هەردەم تەندرووست و جوان بن، بۆیە دەتوانی ماوە ماوە پارچە خەیارێك لەسەر لێوت دابنێت و ئەو کاتە ئەنجامەکەی تووشی سەرسوڕمانت دەکات.

- شێلان و دەستکاری: ئەگەر پارچەیەکی تەنك بەسەر لێوانت بوو، هەوڵمەدە لێی بکەیتەوە، تا خۆی بەری دەدات، دەشتوانی هەفتەی جارێك لێوت بشێلیت و مەساجی بۆ بکەیت، ئەوەش بە فلچەیەکی نەرم و ئاوەوە، لە بیریش مەکە هەوڵدە سووراوی گونجاو لە لێوت بدەیت، هەڵە بەکارهێنانی هەر سووراو و بۆیەیەکی لێو، دەبێتە هۆکارێك بۆ شێواندان و نەشیاوبوون و وشکبوونی لێو.



# بۆن و بەرامت بە کارامەیی هەڵبژێرە

بۆن و بەرامت چەندە خۆش بێت، جێی سەرنج و خۆشەویستی هەمووان دەبیت، ماوە ماوە شێواز و بۆنی تازە و نوێ دەکەونە بازاڕەوە، ڕەنگە ئافرەتان لەوە نیگەران بن ئاخۆ چ بۆنێك خۆشە لەو وەرزەدا بەکاریبهێنن، چونکە بۆنخۆشی لە هەموو کاتێکدا پێویستە، تەنانەت بەر لە نووستنیش،
لە ساڵی تازەدا چەندین بۆن و بەرامی جۆراوجۆر دەرکەوتوون، کە جێگەی سەرنجی هەمووانە، ئەوانەی لە خۆیان دەدەن و ئەوانەش بۆنی دەکەن، لێرەوە ئاشنای ئەو بۆنانە بە کە بۆنی ئەو سەردەمە دادەنرێن، لێرەوە زانیارییان لەبارەوە بزانە :

- (گوڵی پارما- Parma Rosa)، بۆنێکی ناسك و هێمنە، دەتوانی بۆ کاتی چوونە سەر کار و دەوامی فەرمی و زانکۆ بەکاریان بهێنیت، دەشتوانی ئەو بۆنە لە جلەکانیشت بدەیت کاتێك لەبەرت نین.
- (عەنبەری گویرلاین - Guerlain Ambre)، بۆن و بەرامێکی خۆش و تازەیە، بۆ پیاوان و ئافرەتان بەکاردێ، زیاتر بۆ کاتی ئاهەنگ و زەماوەند و بۆنەکان بەکاردێت.
- (ڕەش بڵاوە – Widian Black)، ئەو بۆنە گوزارشت لە ڕۆمانسی و هەست دەکات، کە لە کشمشی ڕەش و خۆخ دروست کراوە، بۆ کاتی دەرچوون و بینینی خۆشەویستان و ژووان بەکاردێت.
- (بارانی فریشتە - Angel Schlesser Pour Elle)، بۆنێکی نەرم و نیانە، لە گێلاس و تووت دروست دەکرێت، دەتوانی ئەو بۆنە لە ماڵ و شەوانە بەکاریبهێنێت.
- (ئازارۆ و دسکواردی ڕۆژهەڵاتی - Azzaro DSquared٢)، بۆنێکی ڕۆژهەڵاتە و بەهێزە و لە دوورەوە هەستی پێدەکەیت، دەتوانی لە بۆنە و زەماوەند و دەرچووندا بەکاریبهێنیت تا سەرنجی هەمووان ڕابکێشێت.



# پانتۆڵی جینز لوتکەی مۆدی جل و بەرگە

ئەوانەی حەز بە پانتۆڵ دەکەن، ڕەنگە بەلایانەوە ئاسایی نەبێت هەموو جۆرە پانتۆڵێك لەبەر بکەن، چونکە هەندێك لە خانمان خولیا و حەزیان بە چەند جۆرە پانتۆڵێکە، بە تایبەت ئەوانەی حەز بە پۆشینی پانتۆڵی جینز دەکەن، بەڵام شێوازە تازەکانی جل و بەرگ لە ساڵی تازەدا گۆڕانکارییان بەسەردا هات و لە پێشبینی پسپۆڕاندا نەبوو ئەو گۆڕانکارییە بەم خێراییە بەسەر جل و بەرگدا بێن، چونکە هەر لە سەرەتای ساڵی نوێوە کۆمەڵێك شێوازی تازە لە مۆدی جلی جینزەوە دەرکەوت، دیزاینەران و پسپۆڕانی جل و بەرگ ئاماژەیان بۆ باوبوونی پانتۆڵی جینز کردووە. گۆڤاری (ئین ستایل – In style )ی ئەڵمانی ئاماژە بە شێوازە باوەکەی جینز کردووە، ئەو شێوازەش بریتییە لە جینزی بۆدی و جەستەش تەواو دەگرێت، لە بەشی سەرەوەی کەمەر بە نەرمی دەوەستێ و پاشان لەسەر ڕانەکاندا بە تەسکی دیار دەکەوێ، لە خوار ئەژنۆشەوە تەسك دەبێتەوە تا دەگاتە سەر گۆزینگی قاچ، ئەو شێوازەیە کە بە مۆدی چەقۆ ناسراوە، هەروەها جینزی پارچە پارچە، یان جینزی دڕاو لەسەر ئەژنۆ و ڕانەکانەوە، مۆدێکی باوی داهاتوو دەبێت، ئەو جۆرە جینزە پێویستە لەگەڵ جلی سەرەوەی هێمن و نەرم لەبەر بکرێت، تا یەکسانی نێوان ئەو جلە زەقە و جلێکی دیکەی نەرمەوە شیك بێت، لە بارەی ڕەنگیشەوە، دەتوانی لەو ڕەنگە کلاسیکانەی جینزەوە دوور بکەویتەوە و ڕەنگە تۆخەکانیش بکەیتە ئامانج تا جینزێکی ڕازاوەت دەستبکەوێت.



# سینەمای مۆدێرن و سەردەم لە کوردستان

سینەما وەك هونەرێکی بەهێز و کۆن، سەردەمێکە لە هەموو شوێنێکی دنیادا هەیە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو هونەرە بۆ ساڵی (١٤٥٢) دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا زانایەکی ئیتاڵی بە ناوی لیۆناردۆ داڤنشی بناغەی سەرەتایی بۆ ئەو هونەرە دامەزراند، پاشان لە ساڵی (١٨٢٣) لەلایەن نیسفۆر نیبسی گرنگی بەو جۆرە وێنەداوە و دواتر وێنەکانی کۆکردۆتەوە و تا لە شێوەی فیلم نمایش بکرێت، کە ماوەی تەنیا (١٤) خولەك بووە، پاشان و دوای چەندین هەوڵی جۆراجۆر وەك فارادی و جۆزێف پلاتۆ و لۆنالد ستامفرد وچەندانی دیکەش، دواتر لەلایەن کەسێکی ئینگلیزی بە ناوی (هۆنەر) لە ساڵی ١٨٣٤ پەرەی بەو بوارە داوە، بەڵام هەوڵی سەرکەوتووی لویس لۆمپێر لە ساڵی ١٨٩٥ توانی لە بیرۆکەی سەندووکی جووڵەپێکراو وێنەی جووڵاوی دەست بکەوێت، یەکەمین فیلمی سینەمایی لە ساڵی (١٩٢٧) نمایش کراوە، کە فیلمێك بووە لەلایەن کۆمپانیای وارنەرەوە ئامادە کرابوو، وڵاتی عێراق دوای چەند ساڵێك سینەمای پێگەییشووە، کە بۆ ساڵانی بیستەکان دەگەڕێتەوە، لە کوردستانیش لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا سینەمای خێزانی هەبووە، بە تایبەت لە شارەکانی هەولێر و کەرکوکدا، کە ئەو کاتە بە سینەمای هاوینە دەناسرا، تا ئەم دواییە چەندین سینەمای گەورە هەبوون وەك سینەمای سەلاحەدین و حەمرا و سیروان و کریستاڵ، بەڵام لە ئێستادا ئەو هونەرە بە شێوازێکی مۆدێرن و ستاندارد دەرکەوتۆتەوە، کە زیاتر لە نێو مۆڵەکان و شوێنە گشتییەکان کراوەتەوە، ئێستا لە زۆربەی مۆڵەکاندا سینەما هەیە، بە شێوازێکی سەردەمی و پێشکەوتوو پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە حەز بە سەیرکردنی فیلم دەکەن، ڕۆژانە گەنجان و کچان و تەنانەت خێزانیش سەردانی ئەو هۆڵانە دەکەن، هەر هۆڵێکی ئەو سینەما مۆدێرنە نزیکەی (١٠٠ تا ١٥٠) کەس دەگرێت و بە تازەترین ئامێری پرۆجێکتەری دیجیتاڵی (DCP) کار دەکات، سکرینەکەشی گەورە و وێنەیەکی جوان و بە دیقەیەکی بەرزی HD) فیلمەکان نمایش دەکرێن، نرخی پلیت بۆ هەر کەسێك (١٠) هەزارە، جگە لە فیلمی کوردی، فیلمی بیانی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەو هۆڵانەدا پێشکەش دەکرێن، نەوەك هەر تەنیا بۆ گەورەکان، بەڵکو فیلمی کارتۆنی تازە و ئەنیمەیشن بۆ منداڵانیش نمایش دەکرێن، ئەو جۆرە سینەمایە بە شێوازێکی مۆدێرن و شارستانی دەناسرێ و ڕۆژانەش خەڵك بە تاك و خێزان و گرووپ سەردانی ئەو هۆڵە سینەمایانە دەکەن.



# پردە سەیر و ئەفسووناوییەکە

ڕەنگە بەلاتانەوە ئەو پردە بازنەییە شتێکی سادە و ئاسایی بێت، هەندێکی دیکەش بیریان بۆ ئەوە دەچێ ئاخۆ ئەو پردەی نێو ئاوە بۆ بەم دیزاینە و شێوە بازنەییە دروست کراوە، مەبەست چییە لەو کارە ئەندازەییەدا، خۆی لە ڕاستیدا دەبوایە پردێکی ڕاست و ڕێك بوایە، وەك هەموو پردێکی نێو ئاو و ڕووبار و دەریاکاندا، ئەو پردە لە وڵاتی ئورۆگوای دروست کراوە، ماوەی (١٢) مانگی خایاندووە، ئەندازیاری ئەو پرۆژە بازنەییە ناوی (دارت ڤادر)ە و کاتێك شێوەی ئەندازەی پردەکەی دانا، هەموو وایانزانی کە ئەو ئەندازیارە لە دەروونەوە تەواو نییە، ئاخۆ بۆچی پردێکی شێوە بازنەی لەنێو ئاودا دروست کردووە، پردەکە بە ناوی (لۆگونا گارزۆن)، دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری (ڕۆچا و مالۆندادۆ)، پردەکە لە شەقامێکی خێرا دەست پێدەکات و کاتێك دەگاتە نێو ئاوەکە، وەکو شێوەی چیوە چاو دەبێتە دوو لەت و شێوەیەکی بازنەیی دروست دەکات، دوای تەواوبوونی پرۆژەکە ئەندازیارەکە بەم جۆرە سوودی ئەو پردەی خستەڕوو کە پردی بازنەیی نێو ئاو، چەندین سوودەی هەیە، لەوانە: ئەگەر لایەکی پردەکە بڕووخێت، لایەکی دیکەی دەمێنێتەوە، وەکو چۆن زۆربەی پردەکانی نێو ئاودا دوای ماوەیەك دەڕووخێن، هەروەها کاتێك شوفێران دەگەنە سەر پردەکە، خێراییان کەم دەکەنەوە و بەمەش پاڵەپەستۆ لەسەر پردەکە کەم دەبێتەوە، جگە لەوەش کاتێك بەسەر ئەو پردە ڕەت دەبی، ماوەیەکی زیاترت پێویستە و بەمەش چێژ لە سەیرکردنی ئەو شوێنە دەبەیت، لە کۆتاییشدا ئەندازیارەکە دەڵێ: لە ئاسمانیش شێوەی پردەکە وەك چاوی مرۆڤ دەردەکەوێت.



# کۆشکێک بە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار!


کۆشکی (لویس لی ڤایۆ) بە خۆشترین و گرانترین کۆشك دادەنرێت، ئەو کۆشکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەی (ڤێرسای و مارلی لیرۆی) لە پاریسی پایتەخی فڕەنسا، مێژووی ئەو کۆشکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاهانەی (لویس لی ڤایۆ) کە لە ساڵی (١٦٦٢) حوکمڕانی کردووە، ڕووبەری کۆشکەکە (٤٦٤٥) مەتر دووجایە، کۆشکەکە دەکەوێتە نێوان باخچەیەکی گەورە، ناوەوەی بە جوانترین شێوەی ڕازاوەتەوە و بە یەکێك لە خۆشترین و جوانترین کۆشکە کلاسیکییەکان دادەنرێت، زۆربەی نەخش و دیزاینەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەو کۆشکە لە دەست نەخێشراون، لە نزیك ئەو کۆشکەدا، حەوزێکی ماسی گەورە لە ژێر زەوی کۆشکەکە هەیە، کە ژێرەوەی کۆشکەکە ئاوی تێدایە، لە نێو ئەو کۆشکەدا، شارێکی تەواو لە خۆ دەگرێ، وەك هۆڵی سینەما و قاوەخانە و مەلەوانگەی تێدایە، ئەوەی جێگەی سەیرە لەم دۆخە ناهەموارەی کە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە، جگە لە ڕەوشی جەنگ و شەڕ هەروەها کێشە و قەیرانی دارایی، کەسێکی نەناسراوی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بڕی (٢٧٥) ملیۆن یۆرۆ واتە نزیکەی زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار ئەو کۆشکەی کڕیوە.





**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەنگاوەكانت بەرەو ڕێگەیەكی ڕاست دەڕۆن و تەنیا پێویستیت بە بەردەوامی هەیە. كارێك مەكە بێزارت بكات و دڵنیابە لە ئەركەكانت، ئەم ماوەیەش زیاد لە پێویست سەرقاڵ دەبیت و كاتت كەم دەبێت بۆ دانیشتن و قسەكردن لەگەڵ دەوروبەر، بەهۆی پێوەندییەكی تەلەفۆنی هەواڵێكی نوێ و خۆشت پێ دەگات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەو كارانەی بۆ كەسێكی نزیكت دەیكەیت، هەستی پێدەكات، بەڵام خۆی بێدەنگ كردووە و لە كاتێكی دیكەدا بە چاكە بۆت دەگەڕێنێتەوە. كەسێك لە دڵتە بۆ نزیكبوونەوەتان ماوەیەكی زۆری پێ دەچێت، بۆیە بڕیاری خێرا مەدە و ئەوە لەبەرژەوەندی تۆدا نییە.



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**


كارێكت كرد ئەوەندە بیری لێ مەكەرەوە و چاوەڕێی ئەنجامەكانی بكە. كەسێك لە دژت دەوەستێت و هەوڵبدە تێیبگەیەنیت. چەند قسەیەك دەكرێن لەدژی تۆ كە هیچیان ڕاست نین، ئەمەش دواتر ئاشكرا دەبێت و كەسێكی نزیكت ئەو قسانە دەكات، دڵگران مەبە زیانی بۆت نابێت و ئەو كەسەش پەشیمان دەبێتەوە.

## وتە

- جۆرج برنارشۆ، لە بارەی تۆڵەكردنەوە و تۆڵە سەندنەوە دەڵێ: ئاگاداری ئەو كەسە بە، كە هەڵەیەكت بەرامبەری كردووە، ئەویش خۆی بێدەنگ دەكات و تۆڵە ناكاتەوە، چونكە هەرگیز لێت خۆش نابێت و ڕێگەشت نادات تۆ لە خۆت خۆش بیت، وادەكات كە هەردەم سەرزنشتی خۆت بكەیت.







## وێنەكێشان لەسەر دار سنۆبەر

جاران هونەری وێنەكێشان تەنیا لەسەر كاغەز و تابلۆی تایبەت بەو بوارە بوو، تەنانەت كارە جوانەكانی پێشوو، ئەمڕۆ بوونەتە سەرچاوەیەكی هونەری وێنە و لە زۆربەی موزەخانەكاندا هەڵگیراون، بە بۆچوونی ئەو كچە وێنەكێشان هەر ئەوە نییە لەسەر تابلۆدا كارێكی وێنە و هونەری بكەیت، بەڵكو دەتوانی سوود لە سرووشت وەربگریت تا ببێتە تابلۆی كارەكانت، ئەو كچە ناوی (لانتا نایكەر)ـە و تەمەنی ٢٦ ساڵە، لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا دەژی و توانیویەتی سوود لە گەڵا و داری سنۆبەر وەربگرێت، تا ببێتە تابلۆی وێنەكێشان، ئەوەتا چەندین وێنەی جۆراوجۆری نەخشاندووە، داواكاری لەسەر وێنەكانیشی زۆرە و خەڵكیش داوای زیاتری ئەو كارەی لێی دەكەن.

## بۆ زانیاریت

**- پەلكە زێڕینە**

لە كاتی نزمە باراندا، لە ئاسماندا هێڵێكی چەماوە و نیو بازنەیی ڕەنگاوڕەنگ دەبینین، كە ڕەنگە جوانەكانی سەرنجی هەمووان ڕادەكێشێ، ئەوە بە دیاردەیەكی فیزیۆلۆجی سرووشتی دەناسرێ، هەروەها بە پەلكە زێڕینەی باران و ئەنگەكان دەناسرێت، ئەو دیاردەیە ڕوودەدات كاتێك ئاسمان بارانە و هەتاویش جار جارە دەردەكەوێت، لە ئەنجامی شكانی تیشكی خۆر، كە چەندین ڕەنگی سەرەكی لە خۆ دەگرن، كاتێك تیشكی خۆر بەر دڵۆپەكانی باران دەكەون، ئیدی ئەو تیشكە بۆ ڕەنگە سەرەكییەكانی خۆی دابەش دەبێ و لە شێوەیەكی نیوبازنەیی گەورەوە دەردەكەوێت، كە ڕەنگەكانی پەلكە زێڕینە لە دەرەوە بە سوور دەست پێدەكات و پاشان پرتەقاڵ و زەرد و سەوز و شین و لە ژوورەوەش بە ڕەنگی وەنەوشەیی، یان نیللی دەبێ، شێوەی پەلكە زێڕینە زیاتر لە (٣) شێوەدا دەردەكەوێ، یەكەمیان نیوبازنەیی و جمكە پەلكە زێڕینەیە و دووەمیان جار جارە بە شێوەی بازنەی مانگ دەبێ، سێیەمیش لە شێوەی هەوری ڕەنگاوڕەنگ دەبێ. كاتێك سەیری پەلكە زێڕینە دەكەین، واتە گۆشەنیگای چاومان لەگەڵ ڕێڕەوی پێچەوانەی خۆردا، كە بە گۆشەنیگای خڕی چاودا و دەكەوێتە نێوان هەردوو هێڵی ئاسۆیی و هەر خاڵێكی نێو پەلكە زێڕینەكە، ئەو گۆشەنیگایە بە پلەی (٤٢) دەبێ، بەمەش بە گۆشەی پەلكە زێڕینە دەناسرێت و گۆشەنیگای بینینیش دەكاتە (٨٤) پلە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

بڕیاری تاكلایانە مەدە و پێویستت بە قسە و ڕای كەسی بەرامبەرت هەیە، تۆش كەسایەتیت جێگیرە، بەڵام جار جارە هەڵە دەكەیت. سەردانی چەند شوێنێكی خۆش دەكەیت و سوودێكی زۆر وەردەگری و ئەزموونت زیاتر دەبێت. باری داراییشت ڕوو لە باشبوون دەكات.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەو بیرۆكانەی تۆ بۆ ژیانی خۆتت هەیە، زۆربەیان سەر ناگرن، چونكە پێویستیت بە كەسێكی دیكە هەیە تا هاوكارت بێت و پێكەوە چارەسەر بۆ كێشەكانت دابنێن، نزیك بوویتەوە لە كۆتاییهێنان بە كارێكی گرنگ كە لەداهاتوودا دەبێتە هۆیەكی سەرەكی بۆ ئەوەی كەسایەتیت بەرزتر بێتەوە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەموو شتێك لە كەسانی دەوروبەرت قبووڵ مەكە، چونكە هەندێكیان بۆ شكاندنەوەی تۆیە و بەهێز بوەستە و خێرابە لە بیركردنەوە. زۆر گرنگە بزانی چۆن سەرنجی كەسی بەرامبەرت ڕادەكێشی، بۆیە هەوڵ بدە كارێك نەكەی ببێتە هۆی بێزاربوونی و هەوڵ بدە كارێك ئەنجام بدەی كە دڵی خۆش بێت و سەرنجی ڕابكێشێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بڕیارەکانت بە جوانی دەدەیت، بەڵام کێشەکان بێزارت دەکەن و بێزاریت پێوە دیارە، کەسێکی نزیکت یارمەتیت دەدات بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیدای و یارمەتیدەرێکی سەرەکیت دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت. تۆش ڕێگەی پێ بدە و دواتر هەوڵی قەرەبووکردنەوەی بدە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵی داهاتووت بدە و ڕابردووش لە بیر بکە، بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆت بکەوە و ئەوەندەش قوربانی مەدە، لەوانەیە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانت ڕوویانداوە، خۆشەویستەکەت لەیاد بکەی، بەڵام ئەو ناتوانێت لەیادت بکات، بەردەوام بە لەسەر ئەو ڕێگایەی کە خۆت هەڵتبژاردووە و سەرکەوتوو دەبیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

مامەڵە کردنت جێگەی خۆشی و ڕەزامەندی دەوروبەرە، پێویستیت بە کەسێکە تا هاوکاریت بکات لە کێشەکانت، هەستێکی نوێت لا درووست دەبێت بەرامبەر یەکێك لەهاوڕێکانت و ئارەزوو دەکەیت داوای پێوەندی خۆشەویستی لێ بکەی، ئەو کارە بکە ئەگەر بەڕاستی خۆشت دەوێت.

## بەتریقیش سەرمایانە !

زۆربەمان بڕوامان وایە، کە ئەو گیاندارانەی لەنێو سەرما و بەفر و ئاودا دەژین، سەرمایان نابێت، بەڵام لە دواترین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیدا دەرکەوتووە، کە ئەوانیش ڕووبەڕووی سەرما و سۆڵە دەبنەوە و سەرما دەیانگرێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوە لە جەمسەری باشووری گۆی زەوی کراوە، کە لە ناوچەکەیەدا ملیۆنەها بەتریق و گورگ دەژین، هەندێکیان بەهۆی سەرماوە ڕەق بوونەوە و مردوون، کە دوای لێکۆڵینەوە و پشکنین بۆیان دەرکەوت نزیکەی (٣٠٠) لەو جۆرە بەتریقانەی لەنێو کەشی سەرما و ژینگەیان ناو بەفرە، بەهۆی سەرما و سۆڵەوە مردوون، هەروەها ماسی ناو ئاویش سەرمای دەبێت و ئەگەر ئەو شوێنەی لێی بێت سارد بێت، ئیدی بەرەو شوێنێکی دیکە کۆچ دەکەن تا لە سەرماوە بە دوور بن، وەك لە وێنەکاندا کە چۆن بێچووانی بەتریق خۆیان لە بار یەکتر ناوە تا لە سەرماوە بە دوور بن، هەندێکیشیان دەچنە ژێر دەست و باڵی دایکانە و باوکانەیان.



## هێلکە لەسەر هێلکە !

هەندێ جار پێویستمان دەبێ، کەرەستەیەك یان دوو شتێك بخەینە سەر یەکتر، ماندوو دەبین و تەنانەت توانای وەستان و یەکسانی و هاوسەنگکردنی ئەوەمان نابێ، بەڵام هەندێ کەس هەن لەو بوارەدا خاوەن بەهرەیەکی سەیرن، کاتێك کارێکی لەم جۆرە دەکەن، هەمووان سەرمەست دەکەن، ئەوەی دەبینن کوڕە گەنجێکی وڵاتی یەمەنە، ناوی (سەڵاح بەیزان)ـە، نازناوەکەی واتە (دوو هێلکە)، ئەو کوڕە لە تەمەنی منداڵییەوە توانیویەتی هێلکەیەك لەسەر هێلکەیەکی دیکە بوەستێنێت، دواتر پەرەی بەو کارە داوە، ئێستا چەندین کەرەستەی سەیر و شت و مەك و بەرد لەسەر یەکتر دادەنێت و یەکسانی نێوانیان دروست دەکات، کە هەندێکیان جێگەی سەرسوڕمانن، چونکە کارەکانی جێگەی باوەڕنەکردنە ئاخۆ چۆن دوو یان سێ هێلکە لەسەر یەکتر دەوەستن؟!



## کاریکاتێر

- ئەو کارێکاتێرە باس لە ژیانی ڕاستەقینەی ئێستا دەکات، کە خەڵك چۆن ئەوەندە ئالوودەی ئامێرەکانی مۆبایل بوون و هەردەم بە دەستیانەوەیە و ئەوەش بۆتە خوویێك و دەستبەرداری نابن.





## نوکتە

- جارێکیان دوو شێت بە ڕێگەیەکەوە دەڕۆن و یەکێکیان ئاوێنەیەك دەدۆزێتەوە، سەیرێکی ئاوێنەکە دەکات و لە خۆیەوە دەڵێ: ئەو کەسەی ناو ئاوێنەکە دەناسم، بەڵام نازانم کێیە، شێتەکەی دیکەش ئاوێنەکەی لە دەست وەردەگرێت و دەڵێ : هەی گەمژە، ئەوە منم چۆن نامناسی !



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویست ناکات ئەوەندە تووڕەیی و بێزاریت پێوە دیار بێت، ئەو کارانەی پێشووتر ئەنجامت داون، بوونەتە جێگەی ڕەزامەندی بۆ ئەوڕۆت، هەست بە بێ هیوایی دەکەی بەهۆی شکستهێنان و خەم هەڵدەگری، ڕاستە شکستەکە قورس بوو، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا تاقیکردنەوەی دیکە لە ڕێگادایە و دەتوانی قەرەبووی بکەیتەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کاتێك کەسێکی نزیکت بێزارت دەکات، بە هێمنی هەوڵی دوورکەوتنەوەی بدە و مەهێڵە بەسەرتدا زاڵ بێتز. کاری داهاتووت قورس دەبێت و پێویستە بە وریایی ئەنجامی بدەیت یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بایەخ نەدانە بە هەندێ قسە کە لای خۆیان زۆر گرنگ نییە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لە بڕیاردان پەلە مەکە، چونکە دواجار تووشی گرفت دەبیتەوە کە بۆت ناچێتە سەر. هەوڵ بدە بۆ داهاتووت زیاتر لەو کەسانە نزیك ببیتەوە کە بەرژەوەندی تۆیان دەوێت. کەسێ بەرامبەر چاوەڕوانی زۆر شتت لێ دەکات و تۆش بێدەنگیت هەڵبژاردووە، دەرگای بێدەنگی بشکێنە و هاوکاری بکە.